فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا هێزەکانی تێکشکاندنی فرۆکەیەکی حووسیەکان ڕاگەیاندە

فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا (CENTCOM)، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند کە هێزەکانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان تێکشکاندووە کە لەلایەن حوسییەکانەوە هەڵدراوە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە وڵاتی یەمەن لەسەر کەنداوی عەدەن، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی لێبکەوێتەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا ئاشکرای کرد، "لە رۆژی 12ـی ئایاردا نزیکەی کاتژمێر 3:30 خولەکی بەیانی، هێزەکانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا سەرکەوتوو بوون لە تێکشکاندنی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە گرووپی حوسییەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن بەسەر کەنداوی عەدەندا لەو ناوچانەی کە لە وڵاتی یەمەن کۆنترۆڵیان کردووە هەڵیانداوە".